دارایی هەرێم لێبارەی کەمپانیای نالیا و چاڤییەو ڕوونکردنەوەیەکی باوکردەو



ئەمڕۆ سێشەمە وەزارەتی دارایی و ئابوریی هەرێم، ڕایگەیاند، پاڵپشت بە بڕیاری دادگا و دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان لەلایەن فەرمانگەی تەمارکردنی خانووبەرەی سلێمانی و فەرمانگەی جێبەجێکردنی سلێمانی دەستگیرا بەسەر موڵکەکانی کەمپانیای نالیا و چاڤی لێبڕاوەبەر قەرزەکانی بانکە بازرگانییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی ، بەپێی وێک تێبینی دەکرێت لە هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندن و دەزگای میدیایی بەبێ هەبوونی زانیاریی دروست و بێگەی یاسایی هەواڵی ناڕاست باو دەکرێتەوە و تەفسیری جیاواز بە بابەتەکە دەکرێت، بۆیە بۆپێویستمان زانی لێگای ئەم ڕوونکردنەوەیە بڕچاوڕوونیی زیاتر بە ڕای گشتی و میدیاکان بخەینەڕوو.

1- بابەتی دەسێڵی قەرزەکانی کەمپانیای نالیا و چاڤی بابەتەکی یاساییە و پاش یەکلاییبوونەوەی داواکە لە دادگا لێبڕڕاوەندیی وەزارەتمان و تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان لە بڕاوەبەر کەمپانیای نالیا و چاڤی، وە دوای باوبوونەوەی ئاگاداری فرێشتن لە وادی دیاریکراودا لە ڕۆژنامە، فرێشتنی سەرجەم موڵکە دەست بەسەرداگیراوەکان لە پێسێی زیادکردنی ئاشکرا بێوەدەچێت.

2- ئەو موکانەی کەمپانیای نالیا و چاڤی کە پێشتر دەستی بەسەرداگیراوە بەپێی وێنەی تەمار بەناوی کەمپانیای نالیا و کەمپانیای چاڤیەوە تەمارن وە لەبەر ئەوەی پێشتر قەرزکان بەناوی ئەو دوو کەمپانیایەوە وەرگیراون ، بەپێی یاسا هەموو کەمپانیایەک کەسایەتی واتایی (معنوی) هەیە ، هەر بەیە رکاری یاسایی بەرامبەر کەمپانیا دیگیرتەبەر نەک تاکەکەس، وە گەینی خاوەندارێتیی کەمپانیا کاریگەری نابێت لەسەر کەسایەتیی واتایی کەمپانیا و ئەو قەرز و پابەندییانەی لە ئێستێ ماوەتەوە.

3- مژووی وەرگرتنی قەرزکانی کەمپانیای نالیا و چاڤی دگەتەوە بۆ ساڵی (2010 ، 2011) کە ماوەی گەانەوەی قەرزکە تەنها دوو ساڵ بووە، دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوە هەردوو کەمپانیای ناوبراو ئامادە نەبوون قەرز و سوودکانی لەکاتی خێی بگەنەوە ، لەساڵی 2015 وە ئەم دەسیەیە لە دادگا کاری لەسەردەکرێت تاوەکو دواجار لە ساڵی 2021 دەسیەکە لە بڕڕەوەندیی وەزارەتی دارایی یەکلایی بووەوە و رکاری یاسایی پەیوەست گیرایەبەر .

4- لەبەرامبەر وەرگرتنی قەرزکانیان کەمپانیای نالیا و چاڤی بەدەر لەیاسا بارمتەکانیان چەند جارێک گەیبوو، دواییەنجار چوار پارچە زەویان وەک بارمتەی قەرزکە دانابوو کە دووجار یاساشکێنی تەداکرا بوو ، یەکەم ئەو زەویانە لەبنەتدا سەوزایی و خزمەتگوزاری و شقام بوون لە ناو ئەو پرۆژەیەی قەرزکەی بە وەرگیرابوو، کە ئەوەش مافی خاوەندارێتی بە شارەوانی دگەتەوە لەووی یاساییەوە بەهیچ جرێک نافرۆشرێت و ناخرێتە زیادکردنی ئاشکراوە، دووەم ئەو خەمانەی بە نرخی ئەو زەویانە کرابوو چەند هێندەی نرخی بنەتی زەویەکان بوو ، دوای هەودانەکی زەر و کاری چەوپە هەموو ئەو پشێلکارییە یاساییانە راست کرانەوە و دەسیەکە لەلایەن دادگاوە پلەی کتایی وەرگرت و نیشانەی گلدانەوە لەسەر موکەکان دانراو داوا لەفەرمانگەی جێبەجێکردن کرا رکاری پێویست بە فرۆشتنی موکەکان بشەوەی زیادکردنی ئاشکرا بگرێتە بەر، لێنەو سەدان موکەی کەمپانیای نالیا و چاڤی (60) موک دەستنیشانکران کە سەرجەمیان شایستەی فرۆشتنن بەپێی وێنەی تەمار .

دووپاتیدەکەینەوە وەزارەتی دارایی پاپشت بە بڕیاری دادگا و بەپێی بگەنامە یاساییەکان کار لەسەر دەسیەکان دەکات ، بەیە بەپێی یاسا و بڕیاری دادگا سەرجەم ئەو لایەن و کەمپانیایانەی قەرزاری بانکەکانی وەزارەتن و لەکاتی خێی پابەند نەبوون بگەانەوەی قەرزکان، سەرجەمیان رکاری یاسایی و ئیداریان بەرامبەر گیراوەتەبەر و دەست بەسەر ئەو موکانە گیراوە کەکاتی خێی وەک بارمتە لەبڕی وەرگرتنی قەرزکە دایان ناوە، لەماوەی چەند ساڵی رابردوشدا توانراوە بەبەهای زیاتر لە 110 ملیار دینار دەست بەسەر موکەی خاوەن قەرزکان بگیرێت و لەسەر وەزارەت تەمار بکرێت، هەروەها بڕی زیاتر لە 25 ملیار دیناریش قەرز بشەوەی کاش گەندراوەتەوە بە خزێنەی گشتی.